**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١**
**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٦/١/٢٢**

## بڕیــار

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٢١یدا، پشت بە بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوو ماددەی (٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەلاحییاتەش کە مادەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمانی داوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرهێنا:

**یەکــەم:** تەسدیقکردنی پێکهاتنی گرێدراوی نێوان سەرکردایەتی هەردو پارتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەلایەن هەردوو ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانی ئەمینداری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیەوە، لە (٢٠٠٦/١/٢١)دا دەربارەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی و پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو بۆ هەرێمی کوردستان – عێراق ئیمزا کرابوو.

**دووەم:** ئەو پێکهاتنە بەپاشکۆیەکی ئەم بڕیارە لەقەڵەم دەدرێ و لەهەمان ڕۆژەوە دەخرێتە بەرکارو بڕیارەکە لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

ئــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com